

# لەیلا زانا
# لە بەرامبەر بەرپرسیاریەتی مێژووییدا

ئیبراهیم مەلازادە
Malazada86@hotmail.com

لە وتارێکی پێشترمدا لەسەر بەڕێز شازادە1 لەیلا زانا بەناوی (**ئایا لەیلازانا پرۆژەی بزاڤێکی مەدەنی مژدە هێنەرە**؟) ئەو ڕەوشەی ئێستای باکووری کوردوستان و تورکیام بە شێوەیەکی پۆزەتیف باسکردبوو، بە بوونی چەند مەرجێکی هەنووکەیی هەرێمی و نێونەتەوەییدا.

لێ واپێدەچێ قەدەری کورد وابێ کە دێ شتێک بۆ کوردو چارەنووسی بە ئاکام بگا، ئەو فاکتە نێگەتیفانەی کە کەسایەتی کوردیان پێ ناسراوە بۆ جاری هەزارەمین وەکو زەقنەبووت ببنەوە هۆی لەدەست دانی هەموو دەرفەتەکان و مێژووی ئەو میللەتە بۆ دەیان ساڵ بەرەو دواوە بگێڕنەوە.

ئەو ڕەوشەی ئەمڕۆ لە پێشەوەیە ڕەوشێکی زێڕینە بۆ ئەوەی گەلی کورد لە باکوور لەو بارودۆخە نالەباروو باری نائاسایی و قەهرو تۆقاندندا ڕزگاری بێ. لێ ناتەبایی و نەبوونی یەکڕیزی و لەیەکترحاڵی نەبوونی سەرانی کورد لەو بەشە دارزێنراوەی کوردستاندا فاکتەرێکی تەواوە بۆ لەدەستدانی هەموو دەرفەتەکان و تاوانەوەی خەونەکان وەکو بەفری بەهار.

دەڵێن ئەوەی هیچی نەبێ لە کارواندا چاونەترسە. تێناگەم کوردی تورکیا چیان هەیە و تورکەکان چیان بۆ هێشتوونەتەوە تا لەدەستیان بدەن. دیارە لە دەرەنجامی لەرزۆکی و ڕاڕایی بۆی هەیە لە جیاتی ئەوەی ڕووتبکرێنەوە، ڕەشەباو سەختی کەش و هەوای ڕێگا سەرمامردوویان بکاتەوە.

هەنگاوەکانی کەسایەتی و سیاسەتمەدارانی کورد بە خستنەڕووی لیستی داواکاریەکانی گەلی کورد و بڵاوکردنەوەی ئەو داواکاریانە بەسەر میدیاکانی جیهان و پشتیوانی ئەو داواکاریانە بە تەوقیعی 200 کەس کێچی خستە کەوڵی گورگە بۆرەکان و تاویان لەبەر هەڵگیرا. ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەک بوو کە ئەو لیستی داواکاریانە لە سات و کاتی هەمواری خۆیاندا خرانە ڕوو یەکڕیزی و یەکدەنگی کوردی پیشاندا، هەڵبەت ئەو کارە هۆیەکیش بوو بۆ بووژانەوەی ورەو متمانە بە خۆ کردنی کورد بە شێوەیەکی گشتی.

ئەوەی کە جێی داخ و چاوەڕێنەکراو بوو، ئەو کاردانەوە توندووتیژەی گوورگە بۆرەکان و زاقەزاقیان هەندێ لەو دەنگانەی کوردی ترساند و پاشگەزی کردنەوە لە بڕەودان بە خەباتی کاریگەری خۆیان.

بەداخەوە ئەوەی کە لە داوای پاشگەزبوونەوەی بەڕێز لەیلا زانا حاڵی دەبین، پاشگەز بوونەوەیە نەک هەر لە داواکاریەکانی ڕاگەیاندنە 200 کەسیەکە، بەڵکو پاشگەزبوونەوەیە لەو وشە جوان و بەنرخانەش کە لە پەرلەمانی ئەوروپا پێشکەشی کردن. ئەو لەوێ داوا دەکات دەبێ کورد وەکو نەتەوەیەکی بنەڕەتی شانبەشانی تورک لە دەستووری داهاتووی تورکیا بێتە ناساندن. ئەوەش کە لە لیستی داواکاریەکاندا هاتووە شتێکی لە ناوەرۆکی وتارەکەی بەڕێز لەیلازانا زیاتر نیە. بەڵام ئەوەی کە لە ڕاگەیاندنی پاشگەزبوونەوەکانی بەڕێز لەیلا زانا و هەڤاڵانیدا باس دەکرێ کارەساتە. ئەو لە کۆتایی قسەکانیدا دەڵێ: (ڕەنگە هەندێ بخوازن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردانی تورکیا مۆدێلێکی وەک ئیسپانیا، ئیرلەندا یا ئیتالیا بە گونجاو ببینن و، داوا لە تورکیا بکەن چ بۆ قوبرسییە تورکەکان دەخوازێ ئەویش بداتە کوردان، بەڵام زۆربەی کوردانی تورکیا، کە ئێمە نوێنەرایەتیان دەکەین، فیدرالیزم و ئۆتۆنۆمیەکی بە گوێرەی شەرت و مەرجەکانی ئێستا ناخوازن..)2. ئێمەی کورد حەقی خۆمانە بزانین داخۆ چ لە مێشکی بەڕێز لەیلا زانا دەسوڕێتەوە. ئەو فاکتەرانە چین وا لە شازادە لەیلا زانا دەکات 170 پلە ڕاوبۆچوونەکانی لە ماوەی مانگێکدا بگۆڕێ.

ئەوەتا یەکێک لە هەڤاڵانی بەڕێز لەیلازانا کە ئۆرهان دۆغانە دەڵێ: (دوەمیان ئەوەی کە پێویستە بێتە جێبەجێکردن، پێکهێنانی دەستورەکی بنەڕەتی دیموکراسیە، پەیمانێکی بە کۆمەڵە کە هەموو گروپەکانی میللەتی تورکیا پێکدێنن بتوانن کۆک بن و ڕابۆچوونەکانیان دەرببڕن)3.

ئەو چەند دێڕانە تا سەر ئێسقان سەیرو سەمەرەن، بۆ دەبێ کێشەکان بە ناوی خۆیان بانگ نەکرێن؟ کە ئەوەش پرسێک بوو لای بەڕێز لەیلا زاناو لە وتارە زیندوەکەیدا لە یەکێتی ئەوروپا داوای کرد کە کێشەکان بە ناوی خۆیان بانگبکرێن. ڕاستە لە تورکیا گروپ هەن، بەڵام نەتەوەش هەن. کورد لە تورکیا گروپێک نیە ئاوا بەسادەیی بخزێنرێتە ناو تۆنێلکی نادیار، ئەوە بچووکردنەوەی کێشەیەکە، کە لەو سات و کاتانەماندا ئەوروپا بە جیددی و بە قەبارەی خۆی باسی لێوە دەکات. باشە ئەگەر ئەوان ڕەوشێکی وەکو ڕەوشی مۆدێلی ئیسپانیا، ئیرلەنداو ئیتاڵیا بۆ کێشەی نەتەوەکان بە گونجاو نازانن، ئەی دەبێ چ مۆدێلێکی تر گونجاو بێ بۆ کێشەی کورد؟ خۆ دڵنیاشین مەبەستی ئەوان و داواکاریشیان لەو مۆدێلانە زێدەتر نیە وەکو دەوڵەتی سەربەخۆ. کەواتە سیاسەتمەدارانی کورد دەتوانن بچنەوە ماڵەوەو دونیاش هەراسان نەکەن بۆ تەنها ئاخافتن بە زمانی دایک. یا چڕینی چەند گۆرانیەک بە زمانی کوردی، ئەوەنیە دێنە ناو ئەوروپا، ئەوکاتە دەتوانن بێنە پاریس، یا هەر پێتەختێکی تری ئەوروپا بۆ چڕینی گۆرانی و تەعبیر لە خۆ کردن.

ئەوەی بەڕێز لەیلازانا لە وتارەکەیدا تەعبیری لێکردوو لە پارلەمانی ئەوروپا خستیە بەر گوێی هەموو دونیا، ناساندنی کورد بوو وەکو میللەتێک و وەکو میللەتێکیش دانوستانیان لەگەڵدا بکرێ. ئەوەش ئێستا لە پاشگەزنامەکەیاندا دەری دەخەن لە نائومێدبوونی کورد بەولاوە شتێکی تر ناگەیەنێ.

ئەگەر لەو هەلومەرجەشدا گەلی کورد نەگاتە ناساندنی مافە بنەڕەتیەکانی خۆی، ڕەوشی توانەوەی کورد لە ناو تورکیایەکی گەورەتر لە هی ئەمڕۆ زۆر ئاسانترو لەبار تر دەبێ.

ئەوانەش کە لە ڕەوشی هەندێ نەتەوەی لە بیرکراوی ئەورووپا ئاگادارن ئەو ڕاستیە و ئەو مەترسیەش باش دەزانن کە هەموو شتێک دوو دیوی هەن، دیوێکی پۆزەتیف و دیوێکی نێگەتیف. هاتنە ناو ئەورووپاش لەو حاڵەت و یاسایە بەدەر نیە، بۆی هەیە کورد ببێتە گەلێکی لە بیرکراوی بێ کاریگەری لە ناو دەریای پڕ لە گیروگرفتی ئەمڕۆی کۆمەڵگاکانی ئەورووپیدا، کاتێک کە تەنها تورک قسە بێژوو برا گەورە دەبێ لەو کاروانەدا. پاشان دوای ئەو بگرەو بێنەیەی لە نێوان یەکێتی ئەورووپاو تورکیا کەوتەوە لەسەر پرسی چاکسازیەکان، هێشتا ئەو مەرەکەبەش وشک نەبۆتەوە کە تورکیا بۆ دانوستان تەوقیعی کردووە. ئەوەتا یاسای هەموارکراوی سزاکان لە پەرلەماندا تێپەڕ دەبێ و لە یەکی نیسانی داهاتوودا دەچێتە واری جێبەجێکردنەوە، ئەو یاسایەش لە هەموو سیاسەتمەدارێکی تورکیا قەدەغەدەکات کە بە کوردی ئاگاداری یا هەر جۆرێک لە ئاخافتن بە زمانی کوردی دەرببڕن 20 ساڵ زیندانی بکرێن. ئەو یاسایەش دوپاتکردنەوەی ئەو سیاسەتە شۆفینیە بۆگەنەیە کە نە تورکیاو نە هیچ داگیرکەرێکی کودستان دەسبەرداری دەبێ. هەروەها تورکیا بە ناهەشی و بێئاگایی لە ڕەوشی ئەورووپا و دونیا ئەو یاسایە ناخاتە واری جێبەجێکردنەوە.
لەیلا زانا 10 ساڵی ڕەبەقی لە گرتووخانەدا بە سەربەرزی بردنە سەر، یەکێک بوو لە ناودارترین زیندانیەکانی ڕاوبۆچوون لە جیهان، جێگای داخ و کەسەریشە لە ژێر کاریگەری کەسانێکی بێ دەسەڵاتدا ویست و چالاکی حەزەکانی خۆی بخاتە گرتوخانەیەکی تر لەسەر شێوازی پۆست ڕوخاندا.

---

(1) بە ڕۆژێک لە دوای ئازادبوونی بەڕێز لەیلا زانا ڕۆژنامەیەکی هۆڵەندی بەناوی شازادەی کوردان ناوی هێنا.

(2) http://www.peyamner.com

(3) http://www.kerkuk-kurdistan.com/nuceyek.asp?ser=1&cep=1&nnimre=4370

(4) 1http://www.peyamner.com Jan 04 2005 2:50